بگەڕد تاەبانی: چەندین دەرفەتی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان هەیە



کۆنفرانسی ساڵانەی ئەنجوومەنی بازرگانی عێراقی – بەریتانی (IBBC) لە شاری دوبەی ئیمارات بەووەدەچێت و شاندی هەرێمی کوردستانیش بەشداری چالاکییەکان دەکات، وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، چەندین دەرفەتی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان هەیە.

ئەمڕۆ (هەینی 8ـی کانوونی یەکەمی 2023) بگەڕد تاەبانی، وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوبەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان پێویستی بە پاپشتی نەودەوڵەتی هەیە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق.

وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش کرد، ئەو بەرهەمانەی هەرێمی

کوردستان لە دەرەوە هاوردەیان دەکات، بازاڕی عێراقی زێر پشتی پێ دەبەستێت و جووتیاری هەرێمی کوردستان و عێراقیش پشتی زێری پێیان هەیە.

بگەڕێنەرەوە باسی لەوەش کرد، هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی کارگەیەکی گەورەی پترۆکیمیاوی هەیە، بە هەمان شێوەیەیش دامەزراندنی کارگەیەك بۆ پیشەسازی دەرمان و ڤاکسین و پێداویستییە ڤێتەرنەریەکان یەکێکە لە پێویستییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق.

وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان هەروەها رووونیکردەوە، لە بواری پڕند و بەنداودا لە هەرێمی کوردستان دەرفەتکی باش هەیە بەتایبەت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زێر بەو بابەتە دەدات، ئەمەش دەرفەتکی باش بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دەڕەخسێنێت ئەگەر بیانەوێ وەبەرهێنان لەو بوارەدا بکەن.